به بۆنەی بیست و سێیەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# ڕامان، لە گۆڤارەوە بۆ دەزگا..!

د. سالار عوسمان

ڕامان هەر تەنێ گۆڤارێکی ڕۆشنبیری نییە، قسەکردن لە ڕامان، لە ناو و ناوەڕۆک و ئاراستە ڕۆشنبیرییەکەی، هەمدیس لە چۆنیەتی دامەزراندن و بەسەرپێ کەوتن و فراوانبوون و پەڕینەوەی بۆ ئەمڕۆ، بابەتگەلێکی قسەهەڵگرن، سوپاسی برای هێژام سەرنووسەری گۆڤاری ڕامان، کاک ئازاد عەبدولواحید دەکەم کە رووی نووسینی لێنام و منیش بە خۆشحاڵییەوە، گەرەکمە لە ڕێی چەند سەرەقەڵەمێکەوە باسێک لە ڕامان، دوێنێ و ئێستا و ئاییندەی ئەم گۆڤارە بکەم.

**زەمەنی دامەزراندنی ڕامان و پتر لە مانایەک..!**

بەر لە بیست و دوو ساڵ، لە پیرمام بووین، شەڕی نەگریسی نێوخۆ ئێمەی لەوێ کۆکردبۆوە، بەسەر دەیان خەم و چاوەڕوانیدا کەوتبووین، لەو ساتە دژوارەدا پارتی دیموکراتی کوردستان بیری لە دامەزراندنی گۆڤارێکی ڕۆشنبیری کردەوە و ناوی نا (ڕامان)، بڕیاری دروست لە زەمەنی دژواردا مانا و دەلالەتی خۆی هەیە، کورتترین مانا ئەوەیە، (پارتی دروست بیر دەکاتەوە)، دروست بیر دەکاتەوە بەو تێگەیشتنەی کە ڕۆشنبیری لەگەڵ ژیاندا ڕێ دەکات و پتر لەوەیش خەسڵەتی (بنیاد)ی هەیە و ناکرێ لە ژێر هەر بیانوو و گوشار و دژوارییەکدا بێت، کە شەڕ و دەرهاوێشتەکانی شەڕ قورسترینیانە، پشت لە ڕۆشنبیری بکرێت، بە واتایەکی تر پشتکردن لە ڕۆشنبیری پشتکردنە لە بنیاد..!

**ڕامان، کۆکەرەوەی قەڵەمە جیاوازەکان..!**

لەوکاتەوە، واتە لە ساڵی (١٩٩٦)ەوە تا ئێستا، ڕامان هیچ پێوەندییەکی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نەماوە، چۆن و لەبەرچی؟... پارتی هەر تەنێ بڕیاری دا و بودجەی پێویستی بۆ دابین کرد و ئیتر لێی کشایەوە، ئارمانجیش ئەوە بوو، تا ڕامان ببێ بە کۆکەرەوەی هەموو قەڵەمەکان، نەک هەر لە کوردستانی باشوور بە تەنیا، بەڵکو لە هەر چوار پارچەی کوردستان و تاراوگەیش، ئەم تێگەیشتنەی پارتی، هاوشێوەی بڕیاری دامەزراندنی گۆڤارەکە، تێگەیشتنێکی دروست بوو، بگرە پتریش، چونکە ڕۆشنبیری: (بنیاد) نابێ بخرێتە نێو ململانێی حزبییەوە، بگرە دەبێ کۆکەرەوە بێت، ڕامان ڕێک ئەوەی کرد و لەوەیشدا گەیشتە لووتکە و زێدەڕۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین: ئەگەر شانازییەک لەو بوارەدا هەبێت، بواری کۆکەرەوەی جیاوازییەکان، ئەوە بە پلەی یەکەم هی

ڕامـان-ـە، هەر ئەوەیش بوو، بووە هۆکـاری ئەوەی کـە سنووربڕ بێت و جـوگـرافـیـاکـان تەی بکات و لە کـوێ قەڵەمێکی ڕەسەنی کوردی هەبێت، ڕامان لەوێ بێت!..

## ڕامان و ئازارەکانی..!

ئەگـەر گـۆڤـارێک خـودان ئەو جـەسـووریـیـە بێت و لە زەمەنی تاریکی شەڕ و خوێنرشتنی براکاندا پەنجەرەیەکی بۆ ژیان و ڕووناکی ڕۆشنبـیـری کـردبێـتـەوە، ئەگـەر گـۆڤارێک بەم هەمـوو هەڵکشان و داکشانە سیاسی و ئابووری و جڤاکییەدا تێپەڕیبێت و تا ئێستا پارێزگاری لە پەیامـەکـەی خـۆی کـردبێت، کـە هەر وای کـردووە و مـانگانە هەمـووانی بە تێکڕای جـیـاوازیـیـە هزری و سیاسی و جوگرافییەکانەوە لە یەکتر کۆکردبێتەوە، بێ گـومان بێ ئازار نەبووە و بەسـەر پشـتی مـاندووی دەیان ئازارەوە گـەیشـتـۆتە ئێـرە، بەڵام ئازارەکـانی ڕامـان ڕێک وەک ئازاری ئەو عاشقانە وایە، کە خۆیان دەخۆنەوە و لە پێناو مـەعـشـووقـەکـەیاندا بێـدەنگ دەسـووتێن، مەعشووقی ڕامان ئەو نووسەر و خوێنەرانەن، کە تەنێ تینوو و کـەسیرەی وشە و دەق و لێکۆڵینەوەی ڕەسـەنی کـوردین و جگە لەو کـانـیـیـە پاکـە، ڕێوێڵ نابن و تینوویەتی خۆیان بە زرە کانییان ناشکێنن..!

ئازارەکـانی ڕامـان بەشـێکی هی ئەو سـیـاسـیـیـە گـەمژانەن، کـە لە دامـەزراندنیـیـەوە تا نووکـە دژایەتی دەکەن و بەشێکی تریشی هی ئەو کۆلکە نووسەرانەن، کە کـورتەبنەن و نـاگـەنە بەژنی بڵندی داهێنان! هەمـدیس ئازاری ڕامـان هی ئەو قـاتوقـڕییـەیە، کـە تاعـوون ئاسا، هەر کـات دەست پێ بکات، سـەرەتا گـورزەکـەی بەر ڕۆشنبـیـری و لە نێـو کـایەی ڕۆشنبـیـریشـدا بە پرۆژە ڕژدەکـان دەکـەوێت، کە جێی سپـاسـە تا ئێـسـتـا ڕامـان ساغڵەم لێی دەرچووە، لێ لێدەرچوونێکی ئەیووبیانە..! کـەواتە ئێـمـە بە ئازارەوە کـار دەکـەین، مـەبەسـتم ئەوەیە بڵێم: کارکردن لە نێو کایە کولتوورییـەکاندا دەکەوێتە بەردەم جۆرێک لە گرفتی تێکنەگەیشتن، تێکنەگەیشتنی نێوان سیاسییەکان و ڕۆشنبیران، لەوەیش خراپتر و پڕ ئازارتر تێکنەگەیشتنی نێوان خودی ڕۆشنبیرانە ، ڕامـان بیـسـت و دوو سـاڵە دەیەوێت پردێک بێت لە پێناو چارەسـەر، چارەسەری ئەو تێکنەگەیشـتنەی کە خـەریکە زمـان و کولتوورەکەشـمان وەک خاکەکەمان پارچە پارچە دەکات..!

## ڕامان، پتر لە گۆڤارێک..!

کـە ڕامـان ئەوە دیدگـای بێت، کـە ڕامـان لەو پێناوەدا دامـەزرابێت و بیـەوێت سنووربڕ هەمـووان کـۆبکاتەوە و کۆکیخولێقێن بێت، کە ڕامان سازندەیی بکات و بیەوێت پێـخـەمـەت لەیەکـتـرگـەیشتن دەسـتی چارەسـەر بێت و نیشـتـمـانیانە بیر بکاتەوە، شایان و شایستەی ئەوەیە، ئیـتـر ببێـتـە دەزگـایەکی کـولتـووری فـرە لق و ئەو ئەرکە گـەورانە وەئەسـتۆ بگرێت، کـە لە دەسـتپێکدا ناومـان لێنا (بنیاد)..! پێشنیاز دەکەین وەک چۆن پارتی دیموکراتی کـوردسـتـان لە سـەرەتای دامـەزراندنی ڕامـان-ـەوە بڕیارێکی دروسـتی دا و ڕامـان-ی کـردە براندێکی ڕۆشنبیـری و لێی کشـایەوە، ئێـسـتـایش هەر وا بکات و بڕیار بدات بیکاتە دەزگـایەکی کـولتـووری فـرە لقی فـرە ئەرکی کـولتـووریی کوردی و بـاشـتر بچێـتە نێـو ژیانەوە، چونکە ژیان لە کوردستان پێویستی بە (بنیاد)ـە..!

## لە دووماهیدا

گـۆڤـاری ڕامـان وا پێ دەنێـتـە بیـسـت و سێ سـاڵەی تەمـەنیـیـەوە، بەم بۆنەیەوە پیـرۆزبایی و دەسـتـخـۆشی لە هەمـوو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە لە دەستپێکەوە تا ئێستا، ماندوونەناسانە کاریان کرد و (ڕامان)یان گەیاندە ئەمڕۆ، ئەمڕۆیەک کە بۆ هەمـووان، تایبەت بۆ ڕۆشنبیـران مـایەی شانازییە.